هەڤپەیڤین



# فێمینیزم و خودموختاریی تاک

## لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "سیروان عەبدول"دا

سازدانی: ڕۆزا شێخانی

jineftin.krd

هەڤپەیڤین

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

لەبارەی فێمینیزم و خودموختاری تاک، کێشە هەنووکەییەکانی ژنان، جیاوازی بەکاڵاکردن و بەکەرەستەکردنی ژنان، مۆدێلیستەکان و چۆنیەتی هەڵوێستگیری کردن لەگەڵ لەشفرۆشیدا. هەروەها ڕۆڵ و کارکردی پیاوان لە دۆزی ژناندا، بە سیاسییکردنی فێمینیزم و، تێکەڵبوونی خەباتی ژنان و بەستنەوەیان بە حیزبەکان. لە لایەکی ترەوە سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردیی و ئازادیی ژنان لە سێ ساڵی ڕابردوو. ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ "سیروان عەبدول" ڕۆشنبیر و پسپۆڕی بواری بونیادنانی دیموکراتییەت، ساز دا.

**پرسیار/** ئایا بزووتنەوەی فێمینیستی لە کوردستان هاوتەریب بە سەردەم و کێشەکان چووەتە پێشەوە؟ ئەگەر نا، ئایا گرفتەکە گەورەیی ئاڵنگارییەکانە، یان درێغیی فێمینیستەکان، یان هۆکاری تری تایبەت بە کۆمەڵگای کوردیی؟

**س.ع/** ئەگەرچی بۆی هەیە من و تۆ تەواو کۆک نەبین لەسەر ئەوەی ئایا پێناسەی دیاریکراو و کۆنکرێتی فێمینیزم چییە و، ئایا چی چالاکییەک فێمینستییە، وە ئایا کێ دەکرێت وەک فێمینیست چاو لێ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوە ڕۆشنە کە پەرچەکرداری فێمینیستی لەناو کۆمەڵگای کوردییدا بە هیچ جۆرێک هاوکێش نییە لەگەڵ ئەو پلە زۆرە لە نادادپەروەریی و سەرکوتگەرییەی کە لەسەر بنەمای ئینتیمای ڕەگەزیی و جێندەر لەو کۆمەڵگایەدا هەیە.

بزووتنەوەی فێمینیستیی لە کوردستاندا بەداخەوە تا ئێستا لە فۆرمی بزووتنەوەیەکی پرۆتێستیی پچڕ پچڕدا هەیە و، قەت نەیتوانیوە وەک بزووتنەوەیەکی سۆشیاڵ ئامادەیی هەبێت.

لە کۆمەڵگای کوردییدا پاتریارکییەت بە شێوەیەکی ستراکتۆریی ئامادەیی هەیە کە بۆتە بەشێک هەم لە کۆمەڵگا و هەم لە دەزگای ئیدارەی سیاسیی. ئەمە بەو مانایەی کە ئیجماعێک یان دیسکۆرسێکی سێکسیستیی وا لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی کۆمەڵگاکەدا هەیە کە فەزڵدانی ڕەگەزی نێر بەسەر ڕەگەزی مێدا، یان دانی

دەرفەتی گەشەکردنی زیاتر بە پیاوان تا ژنان شتێک نییە سەرنج ڕابکێشێت یان پرسیار دروست بکات یان ناڕەزایەتیی بەدوای خۆیدا بهێنێت.

ئەوەی کە خێزانێک لە کوردستان ڕێگە بدات کوڕەکانی خێزان مافیان هەبێت دوای دەوامی قوتابخانە لەگەڵ هاوڕێکانیاندا ماوەیەک لە دەرەوە بمێننەوە بەڵام کچەکان ئەو مافەیان نەبێت، یان حکومەت سیاسەتی لێکدابڕینی ڕەگەزیی (Sex segregation) مومارەسە بکات و قوتابخانەی کچان و کوڕان لە یەکتر جیا بکاتەوە، یان مەلایەک زیادەڕۆیی شەفاهیی بکاتە سەر ئەو کچانەی جلی مەدەنیی لەبەر دەکەن و هانی هێرشکردنەسەریان بدات، یان تەنانەت کوشتنی ژنێک لەسەر ئەوەی پەیوەندیی ژێربەژێری لەگەڵ پیاوێکدا هەبووە، ئەمانە هیچیان پەرچەکردار و ڕەخنەیەکی وایان لەناو خەڵکەکەدا لێ ناکەوێتەوە و مەقبولییەتێکی گشتیی هەیە بۆیان.

لە بەرامبەردا، هەر پێداگرییەک لەسەر دادپەروەریی ڕەگەزیی و دەرفەتی یەکسان بۆ مەساری پیشەیی (Career)، یان مومارەسەی هەر ئازادییەک لە لایەن کچانەوە، کۆمەڵگا ئیستیفزاز دەکات و نائارامیی کۆمەڵایەتیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆ نموونە ئەگەر کچ و کوڕێک لەسەر جادەیەک سەمایەک بکەن، سەماکردنی کچەکە کۆمەڵگاکە پڕ دەکات لە تووڕەیی و خەڵکەکەی دەخاتە ئامادەباشییەوە. بۆ ئەوەی لە کچێک قبوڵ بکرێت وەک گۆرانیبێژانی میللی پیاو ئەویش ببێتە بەندبێژ، دەبێت باوکێک خۆی بکاتە قەڵغانی هێرش و تەشەرەکان بۆ سەری و، دەبێت حیزبێک بچێتە پشتی و، ئینجاش چەندین جار، یان هەر بۆ یەکجاریی، کوڵی پێ دەدەن. بیهێنە پێش چاوی خۆت چەند نەشاز و قبوڵنەکراو دەبێت لە گوێی کۆمەڵگای کوردییدا ئەگەر کچێکی گەنج وەک هەر کوڕێکی تری گەنجی ئەو کۆمەڵگایە دانیشێت لەسەر فەیسبوک باسی موغامەراتە غەرامییەکانی خۆی بکات و، بە ئاخ و ئۆف گوزارشت لەوە بکات چەند حەزی لە کوڕە و چەند پێویستی بە نزیکبوونەوەیە لە ڕەگەزی بەرامبەر.

فێمینیزم سەبارەت بە دادپەروەریی، یەکسانیی و ئازادییە. ئەو نموونانەی سەرەوە نموونەی مومارەسەی ڕاستەوخۆی نادادپەروەریی و نایەکسانیی و بەستنەوەی ئازادیین لەسەر بنەمای ئینتیمای ڕەگەزیی.

ئەو زیهنییەتە پاتریارکییە سەرتاپاگیرە بە قیمەتی زۆر گران لەسەر کچان و ژنانی ناو ئەو کۆمەڵگایە کەوتووە. بەبێ ئیستیسنا زەربەتی لە کوالیتیی ژیانی هەموو کچان و ژنانی کۆمەڵگاکە داوە، زۆر جۆری ئازادیی لە هەموویان زەوت کردووە، دەرفەتی گەشەکردن و مونافەسەی یەکسانی لەگەڵ کوڕاندا لە بواری خوێندن و کاردا لێ سەندوونەتەوە، وە ژمارەیەکی زۆریانی موعەڕەز کردووە بۆ مامەڵەی خراپی خێزان و کۆمەڵگا و توندوتیژیی جەستەیی و دەروونیی بەرامبەریان، وە بۆ ژمارەیەکیشیان بە قیمەتی شێوانی جەستەیی و دەروونیی و تێکچوونی پرۆژەی ژیانیان، یان تەنانەت لێسەندنەوەی مافی ژیان تەواو بووە.

بگەڕێمەوە سەر ئەو بەشەی پرسیارەکەت کە ئایا فێمینیزمی کوردیی هاوتەریب لەگەڵ گرفتەکاندا چوٚتە پێش. لێرەدا دەبێت دەست بخەمەسەر ڕاستییەکی تاڵ: لە چوارچێوەی ئەو دیسکۆرسە سێکسیستییە سەرتاپاگیر و سەرکوتگەردا کە باسم کرد، بەداخەوە لە سەردەمی نوێی کۆمەڵگای کوردییدا زەمینە بۆ هەڵکەوتنی بزووتنەوەیەکی فێمینیستیی لەناو قوربانییەکاندا نەبووە و، خودی ئەو ناحەقییانە نەبۆتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەیەکی فێمینیستیی لەناو خەڵکە عامەکەدا (A grassroots movement) بکەوێتەوە.

> شتێک کە نەوال سەعداویی و فێمینیستەکانی وڵاتانی خۆمان نایبینن ئەوەیە کە موحەجەبە کردارێکە سەبارەت بە کۆنتڕۆڵی تلک. لە بەرامبەردا ئیمکانی ملکیلجکردن و لەبەرکردنی جلی نیمچەڕووت ڕێک یەعنی دەربازبوون لەو کۆنترۆڵە و بوونی ئەو کچە بە خاوەن ڕوخساری خۆی لە دەرەوەی ماڵ.

ئەمە ئاکامی دڕیغیی فێمینیستەکان نییە، بەڵکو ئاکامی ئەوەیە کە پلەی سەرکوتکردنەکە بە ئەندازەیەکە کە وزەی پەرچەکردار و خۆڕێکخستنی بە قوربانییەکان نەهێشتووە.

بزووتنەوەی فێمینیستی لە کۆمەڵگای کوردییدا لە جێگەیەکی تەرەوە سەری کەوتووە.. فێمینیزم لە کۆمەڵگای کوردییدا لە فۆرمە ڕێکخراوەییەکەیدا دوو سەرچاوەی هەیە و لە دوو سەردەمی جیاوازدا سەریان هەڵداوە.

یەکەم: شەپۆلێکی فێمینیزمی سۆشیالیستیی بوو کە دوای جەنگی جیهانیی دووەم و لە سەردەمی جەنگی ساردا لەو ڕێگەیەوە هات کە ئەو ناوچانەی لە کۆلۆنیالیزم دەرباز ببوون و زۆر بزووتنەوەی ناشیونالیستیی تیایاندا سەریان هەڵدابوو کە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان کاریان دەکرد، لەوانە کورد و کوردستان، ئەو ناوچانە شەپۆلێک لە مارکسیزم و چەپگەرییەکی دژە-ڕۆژئاوا و خاوەن ئایدۆلۆجیایەکی عەلمانیی گرتنیەوە. ئەم شەپۆلە دۆزی ڕزگاریی ژن و ڕەخنە لە کۆمەڵگای پاتریارکیی کردە بەشێک لە تەرکیبەی ناوەندە شۆڕشگێڕەکان و حیزبە "شۆڕشگێڕەکان"، وە بە بەشێک لە ئایدۆلۆجیا و سیاسەتیان.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)-ەوە و دوای دروستبوونی قەوارەی نیمچەسەربەخۆی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕەوتە لەسەر دەستی بزووتنەوەیەک لە کۆمۆنیزمی ئیلهام وەگرتوو لە چەپی ئێران بە گوڕێکی زۆر گەورەترەوە ئامادەییەکی زۆر بۆ فێمینیزم لە کۆمەڵگای کوردییدا پەیدا دەکەن.

دووەم: لە درێژەدا و لە سەردەمی نوێدا، بە کارکردی کۆچی خەڵکی کورد بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و، بە کارکردی گەشەی ئامرازەکانی پەیوەندیی و بەرکەوتن و ئاشنابوون بە کولتووری تر، ڕەوتێکی فێمینیزمی لیبراڵ گوتاری فێمینیستیی ئامادە دەکات لە کۆمەڵگادا و فێمینیستە سۆشیالیستەکانیش دەبنە دەستپێشخەر تیایدا یان بەشێک لێی.

پەیوەندیدارە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە هەر ئەم ئاشنابوونە بە دونیای دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان زەمینەی ڕەخساندووە کچانێک دەست بۆ ئەوە ببەن پشت بکەنە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا و، ناسنامەی ئیندیڤیدواڵییانەی خۆیان مومارەسە بکەن و بەوەش، بەبێ ئەوەی مەبەستیان بێت، بە وەسیلەی ئیستیفزاز، تۆلێرانسی خەڵکی موحافەزەکار بۆ بوونی کچان بە تاکی سەربەخۆ و، تۆلێرانسیان بۆ بەشداریی کچان لە فەزای گشتیی دەرەوەی ماڵدا زیاد بکەن. نموونەی ئەمە دەکرێت کچانی گۆرانیبێژ بە ستایلی ڕۆژئاوایی و مۆدێلیستەکان بن.

بەڵام هەرچییەک بێت، بە شێوەیەکی گشتیی بزووتنەوەی فێمینیستیی لە کوردستاندا بەداخەوە تا ئێستا لە فۆرمی *بزووتنەوەیەکی پرۆتێستیی* پچڕ پچڕدا هەیە و، قەت نەیتوانیوە وەک *بزووتنەوەیەکی سۆشیاڵ* ئامادەیی هەبێت. دیارە ئەمە هیچ درێغییەکی ئەو کەسانەی تیا نییە کە دۆزی سەرکوتکراویی ژنانیان پێ گرنگە و کاری لەسەر دەکەن. ئەمە زیاتر دەرکەوتە و ئاکامی سروشتیی ئەو واقیعەیە کە وتم فێمینیزم لە کوردستان بزووتنەوەیەکی لەناو خەڵکە عامەکەی قوربانیی دەستی پیاوسالارییدا بەدوای خۆیدا نەهێناوە. بۆیە بە ناچاریی هەر لە فۆرمی ئاکسیۆن و کەمپین و پرۆتێستی نابەردەوامدا ماوەتەوە کە کەسانێکی فێمینیستی جیددی سەر بە چینی ناوەڕاست دەستپێشخەریی بۆ دەکەن.

مەسەلەی ئەوەی کە ژمارەیەک لە چالاکوانان و ئەکادیمیستانی بوارەکە لەناو حیزبی سیاسیی دەسەڵاتداردان و وەک کارێکی حیزبیی لە بوارەکەدا بەشدارییان هەیە، یان وەک بەشێک لە کارمەند یان ڕاوێژکاری دەزگا و ئۆرگانی حکومەتیی بەشدار دەبن، ئەمە قسەی زیاتر هەڵدەگرێت و ئەگەر لە درێژەی قسەکردنەکانماندا پێویستی کرد دەچینەوە سەری.

هەر سەبارەت بە هێرشەکانی پیاوسالاریی بۆ سەر ژنان گرنگە ئەوە ئاماژە بۆ بکرێت کە کۆمەڵگای کوردیی جگە لەو تایبەتمەندییە پیاوسالارییەی کە لە زەمەنێکی کۆنەوە بۆی ماوەتەوە، ئەوا لە دوای دروستبوونی کۆمارێکی ئیسلامییەوە لە ئێراندا و، گەشەی ئیسلامی سیاسیی لە دونیای عەرەبییدا، ڕەوتێکی ئیسلامی سیاسیی بە سروشت کۆنەپارێز و دژە ژن ناوچەکەی گرتۆتەوە، کە لە ئێستادا داهات و ڕزق و مەعاش و خۆژیاندنی سەدان سیاسەتکاری کرێگرتەی وڵاتانی دەوروبەر و، هەزاران پیاوی ئاینیی و مەلا و ئەندامی حیزبە ئیسلامییەکان کەوتۆتە سەر گەشەپێدانی ئەو ڕەوتە کۆنەخوازە.

ڕەوتی ئیسلامییزم، بە ڕای من، لە سی ساڵی ڕابردوودا زەربەتی زۆر گەورەتری لە ژیانی کچان و ژنانی ناوچەکە داوە تا ئەو پیاوسالارییەی چەند سەد ساڵە کولتووری کۆمەڵگای کوردیی بە خۆی ڕەنگرێژ کردووە. ئەم ڕووەی دۆزی ژنانیش ئەگەر ویستت لە درێژەی ئەم گفتوگۆیەدا دەگەڕێینەوە سەری.

**پرسیار/** باسی مۆدێلیستەکانت کرد، بۆیە پێش ئەوەی ئەو باسە تێپەڕێنین دەمەوێت پرسیارێک لەو بارەیەوە بکەم. فێمینیستەکان لە پرسی مۆدێلیستەکاندا ڕای جیاوازیان هەیە. زۆرێکیان وەکوو بەکاڵاکردنی ژنان لێی دەڕوانن. لە بەرامبەردا فێمینیستە لیبراڵەکان وەک فراوانبوونی ئازادی ژنان سەیری دەکەن و بە پۆزەتیڤ هەڵیدەسەنگێنن و بە فۆرمێکی خەباتی فێمینسیتی دەزانن. بەڵام ئایا هەر بە ڕاست ئەم فۆرمە لە مەساری پیشەیی، خەباتێکی فێمینیستییشە؟ تۆ چۆن ئەو دۆزە دەبینیت؟

**س. ع.**/پێم خۆشە ئەگەر ڕێگە بدەیت بە درێژیی وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە چونکە ناڕۆشنیی زۆر هەیە لەم دۆزەدا.

یەکەم شت قسەیەک سەبارەت بەوە بکەم کە دەوترێت ئەوەی مۆدیڵیستەکان دەیکەن بەکاڵاکردنی ژنانە یان سێکشواڵیزەی لەشی ژنانە و، هەندێک دەیشوبهێنن بە موحەجەبەکردن و دەڵێن چی ڕووتبوونەوەی لەشی ژن، چی داپۆشینی، هەردووکی یەک کردارە و هیچ جیاوازییەکیان نییە.

بەڵێ، مۆدێلیستەکانی کوردستان دۆزی ژنان و کۆمەڵگای کوردیی پێش دەخەن.

هەر تەنها لە پێناو وردەکاریی و لە پێناو ئەوەی بزانین باسی چی ئارگیومێنتێک دەکەین، پێم باشە جیاوازییەک بکەین لەنێوان «بەکاڵاکردنی لەش» و«بەکەرەستەکردنی لەش»-دا. بەکاڵاکردنی لەش دەکرێت ئەوە بێت کە  کە وەک کاڵایەک، قیمەتێک لە بەرامبەر بەکارهێنانیدا وەردەگیردرێت، بۆ نموونە لەشفرۆشیی. بەڵام بە کەرەستەکردنی لەش واتە ئیختیزالکردنی ئینسانی مێ بۆ کەرەستەیەک بۆ سێکس و، نەبینی ئەوەی کە باس لە ئینسانێکی خاوەن هەست و نەستە کە توانایی ئەوەی هەیە ڕای هەبێت لە سێکسواڵیتیی خۆیدا. بۆ من ڕۆشنە کە تۆ ئەمەی دووەمیانت مەبەستە.

ڕەخنەی بەکەرەستەکردنی ژنان و سێکسواڵیزەی لەشی ژنان زۆر لە ئەدەبییاتی فێمینیستیی ڕۆژئاوادا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەوەی کە بێیت ئانالۆجیی بکێشیت لەنێوان ماکیاجکردن و ڕووتبوونەوە لەلایەک و، موحەجەبەکردن لەلایەکی تر و، بڵێیت هەردووکیان هەمان کردارن، ئەوە لە

ڕۆژهەڵات زیاتر نەوال سەعداویی زۆر دووبارەی دەکردەوە و، لە لایەن ژمارەیەک لە فێمینیستەکان و ڕۆشنبیرانەوە وەک تێزێکی تیژبین و وەک ڕەخنەیەکی گرنگ و ڕادیکاڵ سەیری دەکرێت و دەوترێتەوە.

ڕاستت دەوێت من هەر جارێک ئەو ئارگیومێنتە لەناو ناوەندی ڕۆشنبیریی و ئەدەبییاتی فێمینیستیی وڵاتانی خۆماندا دەبینم بەشێکی چاک خەمبار دەبم. هەم لەبەر ئەوەی ڕەخنەی بە ئۆبجێکتکردنی ژنان و سێکسواڵیزەی لەشی ژنان لە سیاقی وڵاتانی ڕۆژئاوادا ڕەخنەیەکە لەناو دیبەیتێکی جیاتر و لە کۆنتێکستێتی جیاتردا. لە ڕۆژهەڵات دۆزی فێمینیستیی تەحەددییاتی جیاوازتری لەبەردەمدایە و، جلی نیمچە ڕووت و وروژێنەری ژنان کارکردی جیاوازتر لەسەر ئەو دۆزە دادەنێت. هەمیش لەبەر ئەوەی شوبهاندنی ماکیاجکردن بە موحەجەبە و وەسفکردنی هەردوو حاڵەتەکە وەک بەکەرەستەکردنی ژنان، خۆی سەیرکردنی ژنانە وەک کەرەستەی سێکس. لە درێژەدا بۆ سەلماندنی ئەم تێزە قسەیەکی زیاتر دەکەم.

سەرەتا با دەست بخەمە سەر جیاوازییەکی جەوهەریی لەنێوان ڕووتکردن و سێکسواڵیزەی لەشی ژنان لەلایەک و، موحەجەبەکردنی لەشی ژنان لەلایەکی تر. شتێک کە نەوال سەعداویی و فێمینیستەکانی وڵاتانی خۆمان لەو بە یەکتر شوبهاندنەدا نایبینن ئەوەیە کە موحەجەبە کردارێکە سەبارەت بە هەوڵی کۆنترۆڵی تاک .. سەبارەت بە هەوڵی سنووردارکردنی فرسەتی ئەوەی کە کچێک بتوانێت ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ بژی .. سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی «موڵک»ێکی خێزان و ڕێگرتن لەوەی بتوانێت بچێتە دەرەوەی ماڵ و ببێتە تاکێکی خاوەن خۆی و، لە کۆنترۆڵی خێزان دەرچێت. لە ئەدەبییاتی مۆدێرنی فێمینیزمدا ئەم پێشگرتنە لە تاکی مێ و ڕێگەگرتن لەوەی خۆی بڕیارەکانی خۆی بدات، بە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی نیگەتیڤ (Negative social control) ناو دەبرێت. بەڵام لە بەرامبەردا سەیرکە، ئەوەی کە کچێک لە فۆرمی مۆدێلیستێک یان گۆرانیبێژێک یان تەنانەت سەماکەرێکی خۆجوانکەری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان یان هەر فۆرمێکی تردا بتوانێت لەناو ناوەندێکی پڕ لە پیاوی غەریبە بە خێزاندا بێت و لەوێ لیبراڵییانە ڕەفتار بکات، ئەوە ڕێک یەعنی دەربازبوون لە سۆشیاڵ-کۆنترۆڵی نێگەتیڤی خێزان و کۆمەڵگای دەستوپێگری کۆنسەرڤاتیڤ و، بوونی ئەو کچە بە خاوەن ڕوخساری خۆی لە دەرەوەی ماڵ

.. ڕێک یەعنی ڕەخسانی فرسەتی گەشەکردن بەرەو شەخسییەتێکی سەربەخۆ و و ڕەها لە کۆتوبەند.

بۆ ئەوەی جیاوازیی جەوهەریی نێوان ڕووتکردن و موحەجەبەکردنی لەشی ژن ڕۆشنتر ببینیت، دەکرێت بەم شێوەیە بیڵێم: ئەگەر ژنێک خۆی، یان خاوەن کۆمپانیایەک لەشی ڕووتی ئەو ژنە لە ڕیکلامێکی بازرگانییدا بە کار دەهێنێت، ئەوا ئەوان ناڕاستەوخۆ دەڵێن لەشی ژن کەرەستەیەکە کە ئاساییە ژنەکە بە ئیرادەی خۆی بە کاری بهێنێت و کۆمەڵگا هیچ دەخالەت لە بەکارهێنانی ئەو کەرەستەیەدا نەکات. بەڵام لەبەرامبەردا، ژنێک کە لەڕووی ئایدۆلۆجییەوە لایەنگری موحەجەبەیە و خۆی موحەجەبە بە کار دەهێنێت یان پیاوێک موحەجەبەی پێ دەکات، ئەوا ئەوان ناڕاستەوخۆ دەڵێن لەشی ژن کەرەستەیەکە کە ئاسایی نییە ژنەکە بە ئیرادەی خۆی بە کاری بهێنێت و، کۆمەڵگا مافی هەیە دەخالەت لە بەکارهێنانی ئەو کەرەستەیەدا بکات. هیوادارم ئێستا جیاوازییەکە ڕۆشن بێت.

مێژووی ئایدیای حیجاب سەبارەت بەو کۆنترۆڵەیە. بۆیە شوبهاندنی خۆڕازاندنەوە و خۆڕووتکردنەوە بە حیجابکردن یان حیجاب پێکردنی ژنان لێکدانەوەیەکی ڕیتۆریکیی بێ پۆینتە، وە لێکدانەوەیەکی بێئاگایە لە مێژوو.

ئەوانەی نیشانەی یەکسان دادەنێن لەنێوان ئەم بەکەرەستەکردنەدا لەگەڵ ئەو ڕوانگە کەرەستەییەی لەناو موحەجەبەکردندا هەیە بۆ لەشی ژن، ئەوەندە ڕووکەشانە ئەو دوو جۆرە لە ڕەخنەی بەکەرەستەکردنە بەرامبەر یەک دەکەنەوە کە نابینن ئەو دوو ڕەخنەیە لە ئەسڵدا دوو خاڵی دەستپێکردنی جیاوازیان هەیە. ئاخر ڕەخنەی فێمینیستیی لە بەکارهێنانی لەشی ژن، بۆ نموونە لە ڕیکلامدا، ئەوەیە کە ئەوە بەکەرەستەکردنێکە کە کارکردی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر دەروونی ئەو کچە یان کچانی تر، بەڵام کۆنترۆڵکردنی یان کۆنترۆڵبوونی ئازادییان نییە. لەبەرامبەردا، ڕەخنەی فێمینیستیی لە حیجاب ئەوەیە کە ئەوە بەکەرەستەکردنێکی ژنانە کە ڕاستەوخۆ مومارەسەی کۆنترۆڵکردنی ئازادییانە.

شـــتێک کە شـــایان بە ئامـــاژەپێکردنە لێـــرەدا ئەوەیە کە ئەگەر وردبیـــتەوە لە هۆکـاری ئەوەی بـۆچی ئەو دوو جـۆرە جیـاوازە لە ڕەخـنەی "بەکەرەســـتەکردن" لە زیهنـی نەوال ســـەعداویی و هاوڕایانییـدا تـێکەڵ دەبێـت و لایـان دەبێـت بە یەک، دەبینیـت کە تەنـانەت ئەو کەســـە ڕەهایـانەش لە نـۆرم و بەهاکـانی کولتـووری عیففەتخـوازیی و سـێکس-نەفرەتیـی، لاشـعوریان بێبەریـی نیـیە لە کـارکردی ئەو کولتـووره. سـەیرکە هیچێـک لەو حاڵەتـانەی دەشـوبهێنرێن بە مـوحەجەبە و بە داپۆشـینی لەشـی ژنـان، هیچیـان سـەبارەت بە خاوەنـداریتیی کۆمەڵگـا بـۆ سێکسـواڵیتیی ژنـان نـین. زۆربەی حاڵەتەکـان حـاڵەتی ئارەوزمەنـدانەی ڕابـواردن و سـێکس و پارەپەیـداکردن و خۆجـوانکردنی کچـانن لە پێنـاو زیـادکردنی جـازبییەتی سێکسـیی خۆیانـدا. ئەگەر ڕەخـنەی تـۆ لەم سـیاقەدا ئەوە بێـت کە لەو جـۆرە ڕابـواردنەدا ژنەکـان کەرەسـتەی سێکسـیی پیاوەکـانن، ئەوا بێـئەوەی خـۆت بزانیـت، کەشـفی دەکەیـت کە تـۆ ڕوانگەیەکـی وات بـۆ سـێکس و تێکەڵبـوون هەیە کە چێژبینیـی پیـاو لە جەسـتەی ژن وەک کـارێکی ناپەسـەند سـەیر دەکەیـت. ئەوە ئـارگیومێنتکردنە بە بەهاکـانی ئەو دیسکۆرسـە سـەرتاپاگیر و بـاوە پاتریارکـاڵ و کۆنسـەرڤاتیڤە کە کەسـەکان تیایـدا هەمـوو کـۆکن لەسـەر ئەوەیکە حەزکـردن لە سـێکس و تێکەڵبـوونی سێکسـیی کچـان و کـوڕان ڕەفتـارێکی قێـزەون و نامەرغوبە.

زۆر کەس ئـاوا بەم شـێوەیە «حەزی سێکسـیی» و «بەئـۆبجێکتکردنی ژنان»یـان لـی تـێکەڵ دەبێـت و بەنـاوی بەکەرەسـتەکردنەوە ڕەخـنە ڕووبەڕووی مومارەسـەی بـێ جـڵەوی حەزی سێکسـیی دەکەنەوە و، حەزی سێکسـیی وەک خـویەکی بێـزراو مـامەڵەی لەگەڵ دەکەن. ئەوە ڕێـک بارگـاوییبوونە بە کولتـووری عـیففەت. سـەیری، بێهۆکـار نیـیە زۆرجـار لایەنگرانـی مافەکـانی ژنـان چەمکـی «سێکسـیزم» لە نووسـین و لێدوانەکانیانـدا بە هەڵە بە کـار دەبەن. وەک وەسـفێکی ڕەخنەگـرانە بـۆ ئەو حـاڵەتە بە کـاری دەهێـنن کە مەسـەلەکە سـێکس و چێژبینیـی پیـاوە لە لەشـی ژن، لە کاتێکـدا چەمکـی «سێکسـیزم» چەمکـێکە کە وەسـفی حـاڵەتێکی تەواو جیـاواز دەکـات کە هـیچ پەیوەنـدیی بە لەشـی ژن و سێکشواڵیتییەوە نییە.

ئەوەی کە فۆکەسـکردنی کچـان و کۆمەڵگـا لەسـەر جـوانیی لەش دەبێـتە هـۆی ئەوەی زۆرێـک لە کچـان پەیوەنـدییەکی سـەختیان بـۆ دروسـت بێـت لەگەڵ شـێوە

و لەشــی خۆیانــدا و دەبێــتە هــۆی ئایــدیالیزەکردنی تەنیــا جۆرێــک لە فــۆرمی لەش، ئەوە ئیشــکالییەتێک و ڕەخنەیەکــی تــرە و پەیوەنــدیی بە «بەکەرەســـــتەکردن»ی لەش لای مۆدێلیســـــتەکان و «وەک کەرەســـــتە ســـــەیرکردنی ژنـــــان» لە لایەن لایەنگرانی موحەجەبەوە نییە.

سەمای کچێک لە یانەیەکی شەوانەدا پێداگرییە لەسەر بڕێکی زیاتر لە ملف و ئازادیی ژنان تا بەشـــداریی کچە ئەکتەرێک لە درامایەکی تەلەفزیۆنییدا.

ئەســـــــڵەن ئەوەی کە کەســـــــانێکی فێمینیســـــــت و یەکســـــــانیخواز ماکیـــــاجکردن و نەشـــــتەرگەریی جـــوانیی و هەوڵـــی کچانێـــک بـــۆ زیـــادکردنی جـــــازبییەتی سێکســـــیی خۆیـــــان وا ســـــەیر دەکەن کە ئەوە «بەکەرەســـتەبوون»ە بــۆ چێژبینینــی پیــاوان، ڕوانگەیەکــی وا بــۆ دۆزەکە ڕێــک ئەوە کەشــف دەکــات کە ئەو کەســانە، بەبــێ ئەوەی خۆیــان بــزانن، ڕوانگەیەکــی کەرەســتەییان بــۆ لەشــی ژن هەیە. ئەوەی کە بە کچێــک بڵێیــت ڕەخنــەم لەوە هەیە کە هەوڵ دەدەیــت جــازبییەتی سێکســیی خــۆت زیــاد بکەیــت، وە مــن پێمــوایە هەر زیــادکردنێکی جــازبییەتی سێکســییت لە قــازانجی پیــاودایە و دروســتە نەیکەیــت، هەڵوێســتگیرییەکی وا لە زیهنــی منــدا زوو لینکــی بــۆ دروســت دەبێــت لەگەڵ ڕەخنەیەکــی تــردا کە لە ژن دەکرێــت: ڕەخــنەی ئەوەی کە نابێــت جــوانیی ژن دەرکەوێــت و پیــاوان چێــژی لــێ ببیــنن و کــاری دروســت ئەوەیە ڕێــگە لە بەرچــاوکەوتنی ئەو جــوانییە بگیردرێــت، بــۆ نمــوونە لە ڕێــگەی داپۆشــینیەوە. ئەمە هەمــان ئەو بیرکــردنەوەیەیە کە لە مێــژوودا بیــرۆکەی حیجــابی بە بیــری ئینســانــدا هێنــا و پێــی وابــوو کە ئەگەر تێکەڵبــوون و ســێکس ڕوویــدا، کەواتە پیــاوەکە قــازانجی کــرد و کەرەســتەیەکی دەســت کەوت، بــۆیە ئینســان چارەســەری بەوە بینــی کە پیــاوان ئەو "قازانج"ەیــان دەســت نەکەوێــت لەو ڕێــگەیەوە کە کچــان مافیــان نەبێــت کــاری ئیغــراکەرانە و خۆجــوانکەرانە بــکەن، بــۆ نمــوونە قــژ و ڕوخساریان دەرکەوێت.

بەڵــێ، دەمەوێــت بڵــێم کە ڕەخنەکردنــی ڕووتبــوونەوەی ژنــان و ســەیرکردنی وەک کردارێــک کە لە پێنــاو و، لە قــازانجی پیــاودایە، وە بێزراوکردنــی کـــرداری جەزبکردنــی حەزی پیــاو، ئەوە بە هەمــان شــێوەی لایەنگرانــی مــوحەجەبە، ســەیرکردنی لەشــی ژنە وەک کەرەســتە و، هەمانشــت کــارکردنە بــۆ تەداخــولکردن

و کــۆنترۆڵکردنی سێکشــواڵیتیی ژنــان لە ڕێــگەی بێزراوکردنـــی دەرکەوتنـــی جوانیی جەزبکەرانەی قژ و ڕوخسار و لەشیان.

بەم مانــایەیە مــن پــێم وایە ئەوانەی بەنــاوی ڕەخـــنەی بەکەرەســـتەکردنەوە، ڕووتبــوونەوە و ماکیــاجکردن و عەرزکردنـــی جــوانیی ژن دەشــوبهێنن بە کــرداری مــوحەجەبە، بەو ڕەخنەیەیانــدا دەردەکەوێــت کە ڕوانگەیەکـــی کەرەســـتەییان بــۆ کــائینی ژن هەیە. ئەوانەی خــاڵی هــاوبەش دەبیــنن لەنێــوان خــۆڕووتکردنەوە و مــوحەجەبەکردنی ژنانــدا، خــاڵی هــاوبەش هەیە لەنێــوان ڕوانــگەی ئەوان و ڕوانگەی پاترپارکییەتی ئاینییدا بۆ سێکشواڵیتیی ژنان.

ئەوان بەبــێ ئەوەی خۆیــان بــزانن، بەو ڕەخنەیەیــان دەبــنە هاوســـەنگەری کۆنســـەرڤاتیڤە پاترپارکەکــان و کــار بــۆ ئەوە دەکەن ژنــان خــاوەنی لەش و سێکشواڵیتیی خۆیان نەبن و کۆمەڵگا قسەی هەبێت تێیدا.

مــن دەزانــم زۆرێــک لەو ڕەفتــارانەی ژمــارەیەک لەو کــچە مۆدێلیســتانە دەیــکەن گەمـــژانەیە و مەزاجـــی زۆرێکمـــان تێــک دەدات و ئینتیهـــازییەتێکە لە پێنـــاو دەستخســـتنی نــاو و داهــات و ژیــانی ئاســاندا، بەڵام بیرمــان نەچێــت گرفتــی گەورەی کۆمەڵگــای کــوردیی ئەوە نییــە ئایــا کــێ ئینســانێکی جــالبە و کــێ ئینســانێکی نــاخۆش. گرفتــی هەرە گەورەی کۆمەڵگــای کــوردیی هێرشــی کوشــندە و بەردەوامــی کۆنەپەرســتییە بــۆ ســەر مومارەســـەکردنی هەر ئــازادییەک کە مومارەســـەکردنی خودموختــاریی تــاک بێــت. ئەو کــچە مۆدێلیســتانە پێــداگریی لەســەر مومارەســـەکردنی هەرە ڕادیکــاڵترین خودموختــاریی تــاک دەکەن کە تــا ئێســتا کۆمەڵگــای ترادیشــیوناڵی کــوردیی وێرابێــت دەســتی بــۆ ببــات. هەر لەبەر ئەوەشە، لەبەردەم هێرشێکی گەورەی کۆنەپەرستییدان.

ئەو ڕەخـــنەیەی لە وڵاتــانی ڕۆژئــاوا فێمینیســـتەکان ڕووبەڕووی بەئایـــدیاڵکردنی لەشـــی «ڕێــک» و سێکشـــواڵیزەی لەشـــی ژنــانی دەکەنەوە، بــۆ نمـــوونە، کە ڕەخـــنەی بەکارهێنــانی جەســـتەی ڕووتـــی ژنــان دەکەن لە ڕیکلامـــی بازرگانییـــدا، ئەوە ڕەخنەیەکـــی دروســـت و گـــرنگە لە ســـیاقی کۆمەڵگـــای ڕۆژئاواییـــدا. بەڵام لەبەرامـــبەردا گـــرنگە ئەوە ببینـــین کە یەکێـــک لە پارادۆکســـەکانی دۆزی ژنـــان لە ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە ڕێـــــک ئەو سێکشـــــواڵیزەکردنەی لەشـــــی ژنـــــان لە

کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا دەبێتە هۆی پێشخستنی دۆزی ژنان و پێشخستنی کۆمەڵگاکە بە گشتیی. بە مانایەکی تر، مامەڵەیەک کە لە ڕۆژئاوا خەبات بۆ یەکسانیی دوا دەخات، لە ڕۆژهەڵات پێشی دەخات. ئەمە لەبەر ئەو هۆکارە سادەیەیە کە بە هۆی زاڵیی کولتووری عیففەتخوازییەوە، کچان لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا هێشتا بەهۆی هێرشەکان بۆ داگیرکردنی ژیانی سێکسواڵیتییان، فرسەتی ئەوەیان لەبەردەستدا نییە ببنە سەرداری سەربەخۆی خۆیان و، خۆیان بڕیار لەسەر مومارەسەی سێکسواڵیتیی خۆیان بدەن.

لە کوردستان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا دۆزی ژن سەبارەت بە ڕەهابوونی ژنانە لەو کۆتوبەندانەی کە کۆمەڵگای ترادیشیۆناڵ و موحافەزەکاریی ئاینیی لە پێناو کۆنترۆڵکردنی ژیانی سێکسییاندا، بۆ ژیانیانی دروست کردووە. داپۆشینی ژنان بەناوی عیففەتەوە و، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ژیانی سێکسییان، دایکی هەموو ئەو چەوساندنەوانەیە کە ژنان لە مێژوودا تا ئێستا موعەڕەز بوون بۆی. عیففەتخوازیی سێکسیی ئەستورترینی ئەو زنجیرانەیە کە هێشتا لە وڵاتانی زۆرینە موسڵمان لە دەستوپێی کچان و ژناندایە. کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا ماوەیەکی زۆرە قۆناغی پچڕینی ئەو زنجیرەیان تێپەڕاندووە و ئێستا تەنها تەڕەسوباتی پاتریارکییەت ماوە کە ڕێگرە لەبەردەم دادپەروەریی جێندەرییدا. بەڵام لە ڕۆژهەڵات بە پێچەوانەوە، لە زۆر شوێن لەم دوو دەیەیەی دواییدا گوتاری عیففەتخوازیی و بێزراوکردنی سێکس و داواکاریی خۆداپۆشینی ژنان بەرەو توندیی زیاتر چووە.

لە سیاقێکی وادا، هەر دەربازبوونێک لە کۆنترۆڵی سێکسواڵیتیی کچان و ژنان لە لایەن خێزان و کۆمەڵگاوە، بە هەر فۆرمێک بێت، هەنگاونانی کچان و ژنانە بە ئاراستەی وەرگرتنەوەی ماف و ئازادییە تاکییەکانی خۆیان و، ڕاکێشانی کۆمەڵگایە بەدوای خۆیاندا بەو ئاراستەیەدا.

لێرەوە بڕۆمە سەر ئەو بەشەی پرسیارەکەت کە ئایا ئەو جۆرە دەرکەوتنەی مۆدێلیستەکان لە کۆمەڵگادا خەباتێکی فێمینیستییە یان نا. من پێم وایە بەو مانایەی سەرەوە، مۆدێلیستەکانی کوردستان دۆزی ژنان و کۆمەڵگای کوردیی پێش دەخەن، بەڵام بۆ وەسفی "خەباتکاری فێمینیستیی" یان "چالاکوانی دۆزی ژنان"، من پێم وایە دروستترە ئەو وەسفانە تەنها حەسر بکەین بەوانەی کە

خۆیان ئەو تێگەیشتنەیان لە خۆیان هەیە، یان ئەوانەی کە ئەو وەسفانەیان بۆ خۆیان پێ دروست نییە بەڵام پێیان وایە نایەکسانیی جێندەریی هەیە و، بەنییەتی چاککردنی ئەو خوارییە بەشدارییەک دەکەن. بۆیە ئەو مۆدێلیستانە فێمینیست نین، بەڵام کارێک دەکەن کە، بەبێ ئەوەی خۆیان پێ بزانن یان مەبەستیان بێت، بەشدار دەبێت لە ڕاستکردنەوەی خوارییەکدا.

جیاوازییەکی گرنگ هەبێت لەنێوان ئەو کارەی ئەوان و خەباتی سیاسیی فێمینستییدا کە پەیوەنددار بێت لێرەدا باس بکرێت ئەوەیە کە یەکێک لە موفارەقەکانی ئەو میکانیزمی ڕەهابوونەی ژنان کە لەسەرەوە باسم کرد ئەوەیە کە یاخیبوونی ژنان لە کۆمەڵگا لە فۆرمە ئیستیفزازییەکەیدا، زۆر زیاتر لە فۆرمە هێمن و بەباڵانسەکەی کارکرد لەسەر کۆنسەرڤاتیڤییەتی دژەژنی ناو کۆمەڵگا دادەنێت. بە نموونەیەک ڕۆشنتر بیڵێم: سەمای کچێک بە جلێکی ڕووتەوە لە یانەیەکی شەوانەدا پێداگرییە لەسەر برێکی زیاتر لە ماف و ئازادیی ژنان تا بەشداریی کچێکی ئەکتەر لە درامایەکی تەلەفزیۆنییدا. ئاخر بێ هۆکار نییە کە پیاوان و ژنانی موحافەزەکار لە سەردەمێکدا ئیتر دەچنە ژێر باری ئەوەوە کە تۆلێرانسیان بۆ ئەوە هەبێت کچان بڕۆن لە زانکۆ بخوێنن و کار بکەن لە دەرەوە، بەڵام هەر ئەو کەسانە لە هەمان کاتدا ناتوانن ئەو ئازادییە قبوڵ بکەن کە کچان لەگەڵ ڕەفیقەکانیاندا لەسەر جادەیەک شەوێک دانس بکەن، یان لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنییدا بیکینی لەبەر بکەن و لە پێشبڕکێی شاجوانییدا بەشدار بن.

بەم هۆیەوەیە من پێم وایە لەو لەحزەیەدا کە کۆمەڵگای پیاوسالاریی ڕۆژهەڵاتیی بەو جۆرە لە مومارەسەکردنی ئیستیفزازکەرانەی ماف و ئازادیی لە لایەن کچانی مۆدێلیستەوە ئیستیفزاز دەبێت، لەو لەحزەیەدا وەختی هەرچییەک بێت، وەختی ئەوە نییە بە ئارگیومێنتی «سێکسواڵیزەکردنی لەشی ژن»ەوە بێیتە ناو دیبەیتەکەوە و نووکی ڕەخنەت بکەیتە ئەو کچە مۆدێلیستە ئیستیفزازکەرانەی کە لەژێر هێرشی پەرچەکرداری کۆنەخواز و پیاوسالارەکاندان. بەشدارییەکی وا هیچ نییە بە غەیری هاوسەنگەریی و بەهێزکردنی خەباتی کۆنسەرڤاتیڤەکان دژ بەوەی کە کچان سیادەی سێکسواڵیتیی خۆیان بەدەست بهێننەوە. بە مانایەکی تر، خەباتکردنە دژ بە

دەرفەتی بەرفراوانترکردنی پانتایی ئازادییەکانی ژنانی کوردستان و بەرتەسککردنەوەی ئەرزی ژێرپێی کۆنەخوازان.

بەداخەوە، سالانێکی زۆر نەوال سەعداویی و، ئێستاش زۆرێک لە خەباتکارە دڵسۆزەکانی دۆزی ژن دەکەونە ئەم هەڵەیەوە و ئەو راستییە سادەیە نابینن کە هەموو فۆرمێکی مومارەسەی خودموختاریی تاک لە لایەن کچانەوە، تەنانەت چەند "ئیباحیی"انە و گەندەڵکارانە و ئینتیهازییانەش بێت، گەشەیەکە بەرەو پێشەوە.

خەباتی یەکسانیی ژن و پیاو لە هەموو مێژووی پاشەکشەپێکردنی پاتریارکییەتدا بەم دینامیکییەتە چۆتە پێش. هەمیشە وابووە کە کچان و ژنان لە سەردەمێکی دیارییکراوی گەشەی کۆمەڵگادا ئەو دەرفەتە دەقۆزنەوە کە کۆمەڵگای پیاوسالار ئامادەیە بیاندات و بەوە بزووتنەوەکە بەرەو پێشەوە دەجولێت .. بۆ نموونە، دەرفەتی ئەوەی کە کۆمەڵگا لێیان قبول دەکات وەک ئۆبجێکتی سێکس بێنە ناو کۆمەڵگا. کاتێک کچان بەو وەسیلەیە و لەو رێگەیەوە دێنە ناو کۆمەڵگا، بەوە هەنگاوێکی نەوعیی گەورە دەنێن. لە تاکێکی مەجهولی ناو ناسنامەی کۆلەکتیڤ و ناو خێزانەکانەوە، لە «کچەکەی کاک فلانەوە»، دەپەڕنەوە و دەبن بە ئیندیڤید، ئیندیڤیدی خاوەن ناوی کۆمەڵایەتیی و ئایدێنتیتی سەربەخۆ و دابڕاو لە ناسنامەی کۆلەکتیڤانەی خێزان.

خۆڕووتکردنەوەی کچان و موحەجەبەکردنی کچان دوو ڕووی یەک دراو نین و دوو شتی تەواو جیاوازن.

ئەمە لە ڕۆژئاواش لە مێژوودا هەر بە هەمان ئەم میکانیزمە کاری کرد. پێش ئەوەی ژنان لە جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا بەهۆی چوونی پیاوان بۆ بەرەکانی جەنگ و پێویستیی بە یارمەتیی ژنان ڕێگەیان بدرێت وەک کارکەری ئاسایی بێنە دەرەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، ژنانی ئەو خێزانانەی لەوانی تر لیبراڵتر و زیهنکراوەتر بوون ڕێگەیان پێ درا وەک ئۆبجێکتی جوان و ئارایشتکراو بێنە دەرەوە. ژنانیش ئەو سازشەیان قبول کرد وەک ئۆبجێکت سەیر بکرێن، بەڵام فرسەتەکەیان قۆستەوە بۆ دروستکردنی ناسنامەی ئیندیڤیدواڵیی خۆیان و مانەوە لە دەرەوە.

ئەم جۆرە لە سازشکردن و ئیستیفادەکردنە لەو دەرفەتانەی کە کۆمەڵگای پاتریارک لە چوارچێوەی بەها کۆنسەرڤاتیڤەکانی خۆیدا ئامادەیە بیدات بە ژنان، تویژەر و فێمینیستی بە ڕەچەڵەک تورک دەنیز کاندیۆتیس (Deniz Kandiyotis) لە زۆر سیاقدا جەختی لێکردۆتەوە. ئەو ئەو میکانیزمی کارکردنەی وەک تیۆرەیەکی فێمینستیی تەرح کردووە و ناوی لێ ناوە ساتوسەودای پاتریارکیی (Pariarcal bargain).

شتێکی پەیوەندندار بەم باسەوە کە دەمەوێت لە کۆتاییدا بیڵێم بەڵام دەرفەتی تەبریرکردنی قوڵتریم نابێت ئەوەیە کە بەداخەوە سێکسوالیزەکردنی لەشی ژن و، سەیرکردنی جوانیی و خۆجوانکردنی ژن وەک موڵکێکی بە بەهای ژن و وەک سەرچاوەی ستاتۆسی کۆمەڵایەتیی، بەشێکی خاوەن ڕەگی قووڵی ناو کولتووری چەند هەزار ساڵەی ئینسانییە کە بە پرۆسەیەکی ئیڤۆلیوشنییدا چووە و ئاسەواری کۆگنیتیڤیی لەناو زیهن و ناسنامەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگای ئینسانییدا جێخستووە و وا ئاسان لەناو ناچێت. من پێموایە هیوای نەهێشتنی سێکسوالیزەی ژن هەروا زوو و هاوزەمان لەگەڵ نەمانی موحەجەبەدا، لە باشترین حاڵەتەدا بۆ سەدان ساڵی تر هیوایەکی ئایدیاڵیستانەیە و مومکین نییە ڕیالیزە بێت. ئەم دواکەوتنە لەبەر ئەوە نییە کە کۆمەڵگای پیاوسالار نایەوێت دەستبەرداری ڕوانگەی خۆی ببێت بۆ سێکسی کائینی ژن، یان ئەوە بێت کە پیاوان بەو کولتوورە گۆش دەبن و دەستبەرداری نابن، بەڵکو ڕێک لەبەر ئەوەیە کە ژنان خۆیان وا بە ئاسانیی دەستبەرداری نابن. ئەمە چونکە مەسەلەکە هەر تەنها ڕیفۆرمێکی کۆمەڵایەتیی و گۆڕینێکی بابەتیی جۆرێک لە تەعامول نییە، بەڵکو دەستبردنە بۆ تێکدانی سەقامگیریی تەندروستیی دەروونیی کەسەکان. تەبریرکردنی ئەم تێزە با بمێنێت بۆ دەرفەتێکی تر چونکە ڕۆشنکردنەوەی درێژی دەوێت. پۆینتی من ئەوەیە کە وەک-کەرەستە پیشاندانی لەشی ژنان ئیرادەیەکی پیاوانەی پاراو یان کولتووری پیاوسالاریی فەرزی نەکردووە بەسەر ژناندا، بەڵکو ئیرادەی ئیختیاریی ژنان خۆیان بزووێنەری سەرەکیی کارەکەیە.

**پرسیار/** لەپەیوەند بەو جیاکارییەوە کە تۆ دەیکەیت لەنێوان "بەکاڵاکردن" و "بەکەرەستەکردن"دا، پێویست دەکات بڵێم کە یەکێك لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی مۆدێلیستەکان دەکرێتەوە تۆمەتی لەشفرۆشییە. ئەوەی ئایا تا چەند ئەو تۆمەتە ڕاستە یان تا چەند تۆمەتێکی بێبنەمایە، ئەوە مەسەلەیەکی ترە. ئەوەی دەمەوێت پرسیاری لەسەر بکەم ڕەوایی ڕەخنەی هەندێک لە فێمینیستەکانە لە دیاردەی لەشفرۆشیی. ئایا

لە ڕوانگەیەکی فیمینیستیی و مافی ژنان یان مافی مرۆڤەوە، دروستە چۆن هەڵوێستگیریی لە ئاست لەشفرۆشییدا بکرێت؟

**س.ع.**/ پێموایە پێش وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویست بەجیاکارییەکی تر هەیە لەنێوان دوو جۆر لە بەکاڵاکردندا.

با بەم جۆرە جیاوازییەکە گوزارشت لێ بکەم: ئەوەی کە کەسێک لەبەرامبەر خزمەتگوزارییەکی سێکسییدا کە ئارەزوومەندانە بە لەشی خۆی پێشکەشی دەکات قیمەتێک وەردەگرێت، ئەوە جۆرێک لە ساتوسەودایە کە جیاوازە لەو جۆرە ساتوسەودایەی کە کەسێک لەبەرامبەر خزمەتگوزاریی بەیەکگەیاندنی کڕیار و فرۆشیاردا قیمەتێک وەردەگرێت. ئەمەی دووهەمیان لەو سۆنگەیەوە جێگەی ڕەخنەیە و دەبێت سزای یاسایی هەبێت کە بازرگانییە بە ئینسانەوە. بەڵام هەرچی حاڵەتی یەکەمیانە، من تێناگەم بۆچی دەبێت جێگەی ڕەخنە بێت، یان بۆچی دەبێت بە یاسا سزادار بکرێت.

جار هەیە بەرچاوم دەکەوێت کە ئاماژە بەوە دەکرێت کە کڕینی سێکس لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاواش قەدەغە و سزادار کراوە، بۆ نموونە لە سوید، وە وای پیشان دەدەن کە گوایە تەنانەت دونیای مۆدێرنیش، کە ڕێز لە مافە شەخسییەکانی مرۆڤ دەگرێت، فرۆشتنی سێکس یان کڕینی سێکس قەدەغە دەکات، لەبەر ئەوەی گوایە کڕینی سێکس ئیهانەیە بە ئافرەت، یان فرۆشتنی سێکس بە ناچاریی و لەبەر هەژارییە.

دیارە ئەوە بەهەڵەتێگەیشتنێکی تەواوە لەو یاسای قەدەغەکردنە کە لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیە. دونیای مۆدێرن بۆ ڕێگەگرتن لە لەشفرۆشیی نییە کە کڕینی سێکس قەدەغە دەکات. ئەوەی ئەو قەدەغەکردنە دەیەوێت ڕێی پێ بگرێت پارەپەیداکردنی نایاساییە (Trafficking) بۆ نموونە لە ڕێگەی لەشفرۆشییکردن بە کەسی ترەوە. واتە ئەو مانا دووەمەی چەمکی "بەکاڵاکردن" کە ئێستا باسم کرد.

فرۆشتنی سێکس لەلایەن کەسی بالغ خۆیەوە نابێت لە فرۆشتنی هێزی کار یان فرۆشتنی هەر خزمەتگوزارییەکی تری ئاسایی جێگەی ڕەخنەیەکی زیاتر

بێت. کە دوو کەسی بالغ خۆیان دەچنە مامەڵەیەکی واوە کە لەبەرامبەر سێکسدا یەکێکیان پارەیەک یان هەر بەهایەکی ماددی تر بداتە ئەوی تر، ئەمە مامەڵەیەکە لە چوارچێوەی کۆنسێپتی «ئازادیی شەخسیی»دا وەک مافێک لە مافەکانی مرۆڤ رەسمییەتی پێداوە. بۆیە مامەڵەیەکە کە کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسیی هیچ مافێکیان نییە تەداخولی تیا بکەن و لە ئاستیدا سۆشیاڵ-کۆنترۆڵ بە کار بهێنرێت.

چەمکی "بەڕەڵایی" وەسفی سیفەتێکە کە ئەسڵەن دەبێت جێگەی شانازیی بێت. کارێکی گرنگ کە بکرێت ئەوەیە ئەو وشەیە لەدەست کۆنەخوازە دژە ژن و دژە ئازادییە شەخسییەکان وەرگیردرێتەوە و، کۆنۆتەیشنی پۆزەتیڤی پێ بدرێت.

بەم مانایە، هەر تەداخولێک لەو کارە بە ئامانجی رێگریی لێکردنی، هەوڵە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ. تەنانەت بەپێی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەی مافە مەدەنیی و سیاسییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە عێراقیش ئیمزای کردوون و لەڕووی حقوقییەوە پابەستە بەمەی دووهەمیانەوە، ئەگەر کۆمەڵگا رێگریی بکات لە مومارەسەی کەسانێک بۆ ئەو مافەی خۆیان، دەسەڵاتی دەوڵەتیی فەرزە لەسەری ئەو پێشێلکارییە رابگرێت.

من ئەوە دەزانم کە زۆرێک لەبەر نەداریی دەست بۆ لەشفرۆشیی دەبەن و، هەست بە رووشانی کەرامەتیان دەکەن کاتێک دەیکەن. بەڵام ئەوە ئارگیومێنتێک نییە بۆ قەدەغەکردنی و زەوتکردنی ئەو مافە لەو کەسانە، یان لە کەسانێکی تر کە هەست بەو رووشانی کەرامەتە ناکەن لە لەشفرۆشییاندا.

کۆمەڵگا و دەسەڵات بە هۆکاریی هەژاریی و دڵپیاسووتان بە کەسەکانەوە نییە لەشفرۆشیی قەدەغە دەکەن. رێگەگرتن لە کاری لەشفرۆشیی هیچ لە هەژاریی کەم ناکاتەوە، بەڵکو ئەسڵەن دەرفەتێکی دەستخستنی دەرامەت لە کەسەکە دەسێنێتەوە. کۆمەڵگا و دەسەڵات لەو سۆنگە کۆنەپەرستانەیەوە قەدەغەی دەکەن و مولاحەقەی لەشفرۆشیی دەکەن کە ناکۆکە بە بەها کۆنسەرڤاتیڤەکانی ناو ئەو کولتووری عیففەت و کولتووری «سێکس-نەفرەتیی»ەی کە پاتریارکییەت و ئاین چەند هەزار ساڵێکە خەریکن رەگی پێ

دادەکەوتن لەناو کۆمەڵگای مرۆڤاتییدا. هەر لەو پێناوەدا باکیان بەوە نییە کە ئەو قەدەغەکردنە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە.

بۆیە لەم سیاقەدا، هەر جۆرە ڕەخنەکردنێکی لەشفرۆشیی لە لایەن کەسانی ناو بزووتنەوەی ژنانەوە، هەم بەشدارییە لە زەوتکردنی مافێکدا، وە هەم بەشدارییە لە بەهێزکردنی سیتێک لە بەهای کۆنسەرڤاتیڤانەی دژەژندا کە تەداخولکردن لە ژیانی سێکسیی ژناندا و کۆنترۆڵکردنی، وەک پەیامێک و ئەرکێکی ئاسمانیی دەزانێت بۆ ئینسان.

ئەو مۆراڵیزمە سێکسییەی پاتریارکییەت و ئاین جێیان خستووە هۆکاری ئەو نەفرەت و تووڕەییە زۆرەیە کە کۆمەڵگا لە ئاست کاری فرۆشتنی خزمەتگوزاریی سێکسییدا پیشانی دەدات. ئەو مۆرالیزمە لەناو زیهنی سەرجەم تاکەکانی ناو تەنانەت کۆمەڵگای ئەم سەردەمەشدا جێی گرتووە. ئەمە تا ئەو ئاستە چووە کە خەڵکانێک کە بە ئایدۆلۆجیا و بە قەناعەت هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕوانگەی کۆنەپارێزانەی ئایینییەوە نییە بۆ سێکس و خۆشەویستیی و تێکەڵبوون، لەپڕ دەبینیت لە سیاقێکدا یان لە ئاست دۆزێکی دیارییکراودا بە هەمان بەهاکانی ئەو ڕوانگە کۆنەپارێزانەیە ئارگیومێنت یان هەڵوێستگیریی دەکات. سەیری، بۆ نموونە، ئێستاش جار هەیە لەناو هەرە زیهنکراوەترین توێژی کۆمەڵگادا وەک جۆرە ئابڕووچوونێک بۆ کەسێک چاو لێدەکرێت ئەگەر پێ بزانرێت کە لە کچێک نزیک بۆتەوە و حەزی ئەوەی پیشان داوە کە بە سێکس پێکەوە بن. نموونەی ئەوە زۆر دەگمەن نییە کە کچێکی زیهنکراوە لەپڕ چاتی کوڕێک بڵاو بکاتەوە و وەک سکاندالێکی ئەو کوڕە پیشانی بدات و بڵێت خەڵکینە سەیرکەن ئەم کوڕە هەوڵیدا لێم نزیک بێتەوە و وا لێرەدا بەڵگەی ئەو «ناپاکی»یەی بڵاو دەکەمەوە. کوڕەش وەک ئەوەی بەسەر دزییەکەوە گیرابێت، دەبێت تەحەمولی نیگای سەرکۆنەکەرانە و بزەی مەسخەرەکەرانەی خەڵک بکات.

دیارە هەراسانکردن و گوشار بۆهێنان شتێکی ترە، بەڵام ئەوەی کە موبادەرەی سێکس یان تەنانەت خۆشەویستییش وەک کەشفبوونی کارێکی ناپاکانە سەیر دەکرێت، هیچ نییە بەغەیری مانەوەی تەرەسوباتی کولتووری کۆنەپەرستانەی سێکس-نەفرەتیی لەناو زیهنی تاکە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا.

کۆمەڵگای کۆنسەرڤاتیڤ دوای ئەوەی کە بەهاکانی خۆی لەناو زیهنی خەڵکەکەدا ڕەگ پێدادەکوتێت، ئیتر لێدەگەڕێت، تاکەکان خۆیان دەبن بە ڕەقیب بەسەر خۆیانەوە و هەر لادانێکی تاکەکان خۆیان یان کەسانی دەوروبەریان لە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا بە پێوانەی بەها کۆنسەرڤاتیڤەکان دەپێون. بۆ نموونە، کۆمەڵگا هەر متمانەبەخۆبوونێکی تاک و یاخیبوونی لە کۆمەڵگا ناوی دەنێت «بەرەڵا» یان «بەرەڵایی» و کۆنۆتەیشنێکی نێگەتیڤ لە چەمکەکە بار دەکات و ئیتر کەس نایەوێت وەک بەرەڵایەک چاوی لێ بکرێت و خۆی دەستی ئازادیی و جۆرئەتی شەخسیی خۆی دەبەستێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر لە پێرسپێکتیڤێکی دەرەوەی ئەو کولتوورەوە سەیری بکەیت، ئەوا سیفەتی «بەرەڵایی» تاکێک ئەسڵەن دەبێت وەک هەر ئازایەتییەک و متمانەبەخۆبوونێکی تر جێگەی شانازیی بێت بۆی. چەمکەکان ئاوا لەدەست کۆمەڵگا دادەماڵرێن و وەک چەک دژ بە خۆیان بە کار دەهێنرێنەوە. بۆیە کارێکی گرنگ کە بکرێت ئەوەیە وشەی لەدەست کۆنەخوازە دژە ژن و دژە ئازادییە شەخسییەکان وەرگیردرێتەوە و، کۆنۆتەیشنی پۆزەتیڤی پێ بدرێت و بکرێتە سیفەتێکی جێگەی شانازیی.

ئەو کولتووری ناشیرینکردنەی کردەی سێکسە هەر لە سەردەمی دارشتنی چیرۆکی ئەفسانەیی دەرکردنی ئادەم و حەواوە لە «بەهەشت»خەریکی دانانی کارکردی مونحەریفانەیە لە زیهنی خەڵکدا سەبارەت بە سێکس. ئەو کولتوورە بەوێدا هاتووە کە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا کڵێسا سێکسکردنی ژن و مێردی لە ڕۆژە پیرۆزەکانی ئایندا قەدەغە کرد. ئەم بێزراوکردنەی حەزی سێکسیی بە فەلسەفەی قەشە ئاوگوستین بۆ مۆراڵی سێکسدا تێپەڕی کە دەیووت سێکس دەبێت تەنها بۆ دروستکردنی منداڵ بێت نەک چێژبینین، وە کەنیسە داوای دەکرد سێکس دەبێت تەنها بە «وەزعییەتی موبەشیر»ەوە بکرێت و بۆ چێژبینین نەبێت.

وەنەبێ ئەم شزوزی بێزراوکردنەی سێکس لەسەردەمی مۆدێرندا کەم کۆمیدیتر و کەم دەبەنگانەتر بێت. چەند ساڵێک پێش ئێستا بوو کە یەکێک لە هەرە «عاقڵ»ەکانی ناو موفتییەکانی دەوڵەتی سەعودییە عەقڵی خۆی گووشی و گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هەر کورسییەک کە ئافرەتێک لەسەری

دانیشـــتبێت، دەبێــت تـــا پێــنج دەقە دوای ئـــافرەتەکە پیـــاو لەســـەری دانەنیشـــێت چونکە ئەگەر کەمتر لە پێنج دەقە بێت، ئەوە وەک ئەوە وایە سێکسیان کردبێت.

ئەزانـم ئەم نمـوونەیەی ئەخیـر نمـوونەی ئەوەیە کە ئیتـر خـووی عیففەتخـوازیی و بێزراوکردنــی سێکســکردن بەبــێ زەواج لە مێشــکی ئەو مــوفتییەی ســەلەفییەکاندا ســەری لە نەخۆشــی دەرونیــی و دێوانەبــوونەوە دەرهێنــاوە، بەڵام پــۆینتی مــن لێــرەدا ئەوەیەکە فرۆشــتنی ســێکس ئەگەر کــارکردی ئەو میــراتە کولتــوورییە پــڕ لە شــزوزە نەبــوایە، ئــاوا بێزراوتــر لە فرۆشـــتنی خزمەتگــوزاریی تــر ســەیر نەدەکرا.

ڕوویەکـــی تـــری ئەم دۆزە کە پەیوەنـــدداره لێـــرەدا بـــاس بکرێـــت ئەوەیە کە هۆکـاریکی ڕەخـنەی خەڵـک و کەسـانێکی فێمینیسـت لەو دیـاردەی لەشفرۆشـییەی لە کوردســـتاندا هەیە ئەوەیە کە ئەوە بەشـــێکە لەو گەنـدەڵییە بەرفـراوان و خـــراپ بەکارهێنـــانەی دەســـەڵاتدارێتییە کە حیـزب و بەرپرســـان مومارەســـەی دەکەن. مـن دەزانـم هەمـوو بەرپرسـە حیزبییەکـانی نـاو حیزبەکـانی کوردسـتان، لەپـای ئەوەی لەم ســێ دەیەیەی دواییــدا کردوویــانە، هەمــوو شــایان بە ڕق و ســزای گەورەن، بەڵام لە هەمـــان کاتـــدا مـــن پێمـــوایە ئەو جەوی ڕابـــواردنەی دەســـتیان داوەتـــێ، ئەهـــوەنترینی ئەو گەنـــدەڵیی و ناپاکییـــانەیە کە لەم ســـێ دەیەیەدا بە حـــوکمی دەســـەڵاتدارێتیی دەســتیان بــۆ بــردووە. وە بگــرە بەشــێکی زۆری ئەو ڕابــواردن و ڕەفـاهییەتە ئیفـڕاتییە ژیـانی شەخسـیی کەسـەکانە و سـنووربڕییەکی تیـا نییـە تـا جێگەی ڕەخنە بێت.

ئەگەر ڕەخـنەی کۆمەڵگـا و فێمینیســتەکان لە بەرپرســانی حیزبیــی و لە دیــاردەی لەشفرۆشــیی لە ســۆنگەی بەهــا و پرەنســیپەکانی بــزووتنەوەی (‎#MeToo‎)وەوە بــوایە، پــۆینتێکی ڕەوایـان دەبـوو، چـونکە ئەوە ڕۆشــنە کە بەهــۆی جیــاوازیی گەورەی دەســـەڵاتدارێتیی لەنێـوان بەرپرســـان و ئەو کچـــانەدا، ڕەوایە کەســـێک گومــانی ئەوە بکــات کە بەشــێک لەو تێکەڵبوونــانە جــۆرێکن لە دەســتدرێژیی بــۆ ســـەریان. بەڵام خـــاڵی دەســـتپێکردنی ڕەخـــنەی کۆمەڵگـــا و فێمینیســـتەکان لەو دیــاردەیە ئەو ڕەخــنەیە نییــە کە بزوتنەوەی«مــی تــوو» هێنــای. بەداخەوە کەمپــین و بــزوتنەوەی «مــی تــوو» بچــوکترین شــەپۆلی نەگەیشــتە کوردســتان، ئەگەرچــی

دیـــاردەیەک کە ئەو کەمپیـــنە ڕەخـــنەی کـــرد زیـــاتر لە وڵاتـــانی ڕۆژهەڵات بەرچاوترە تا وڵاتانی ڕۆژئاوا.

> فرۆشتنی سێکس لەلایەن کەسی باڵغ خۆیەوە نابێت لە فرۆشـــتنی هێزی کـار یـان فرۆشـــتنی هەر خزمەتگوزارییەکی تری ئاسـایی جێگەی ڕەخنەیەکی زیاتر بێت.

شـــتێک کە کەســـانی فێمینیســـت و خەباتکـــاری مافەکـــانی ژنـــان گـرنگە لێـی بەئاگـا بـن ئەوەیە کە پـاڵنەری سـەرەکیی ئەو ڕەخنـە و تـووڕەییەی کە کۆمەڵگـــــا بەرامـــــبەر ئەو ڕەفـاهییەتە ئیفـراتییەی نـوخبە سیاسـییە گەنـدەڵەکەی دەکـاتەوە، پـێش ئەوەی تـــووڕەیی بێـــت لە گەنـــدەڵیی و خـــراپ بەکارهێنـــانی دەســـەڵات، تـــوڕەییە لە کـرانەوەی کۆمەڵگـا و تـووڕەییە لە خودموختـاریی کچـی کـورد بەسـەر ژیـانی شەخســـیی خۆیـــدا. کۆمەڵگـــای ترادیشـــوناڵی کـــوردیی زیـــاتر بەمەی دواییـــان هەسـتیارترە و، زیـاتر خەبـات بـۆ بەهـای کۆنسـەرڤاتیڤانە و دژەژن مـۆبیلیزەی دەکـات تـا خەبـات بـۆ ڕیفـۆرمی سیاسـیی و گەشـەپێدانی دیمـوکراتییەت. سـەیری ئەو کۆمەڵگـایە بە هەمـوو میـدیاکانی و، نزیـک بە هەمـوو توێژەکـانیەوە پشـت دەکەنە ژنێـک کە کچـانی بـۆ بەرپرسـان بـردووە و بەنـاوی پاراسـتنی ئەخـلاقەوە دەکەوێـتە زینـدان و کەســیش داکــۆکییەکی لــێ ناکــات، بەڵام لەبەرامــبەردا کەسـانێک، بـۆ نمـوونە، نیقـابەی ڕۆژنامەنوسـیان دانـاوە و ڕۆژانە ڕۆژنـامەنووس دەبەن بــۆ بەرپرســـان و مەعاشـــیان بــۆ بەدەســـت دەهێنێـــت لەبەرامـــبەر ئـــاوەدانکردنەوەی تەلەڤزیـــۆن و ڕۆژنامەکـــانی حیزبـــدا، بەڵام کەس بە بیریشـــیدا نـــایەت بڵێـــت ئەو کـــارە بنکـــۆڵکردنی ئەو ڕۆڵەیە کە میـــدیا دەتوانێـــت لە گەشـــەی دیموکراتییـدا ببینێـت. کتێبێـک بنووسـە و بەبەڵـگەوە ئەوە کەشـف بـکە کە بە چـی ئەنـدازەیەکی خەیـاڵیی کۆمەڵێـک پیـاوی سـاختەچیی بە سـیفەتی وەزیـری سـامانە سروشـــتییەکان و ســـەرۆکوەزیران و ســـەرۆک حیـــزبەوە مـــوڵکی گشـــتییان ئیختـیلاس کـردووە، زۆر کەس نـابن خـوڵقی خوێنـدنەوەی کتێبەکەیـان هەبێـت. بەڵام لە کتێبێکـــدا بڵـــێ خەڵکیـــنە ســـەیرکەن ئەم بەرپرســـانە ئەم سێکســـە و ئەم سێکســـەیان کـــرد، هەمـــوو کۆمەڵگـــاکە دەهەژێـــت و وەک چارەســـەر، داوای قەلاچۆکردنی کرانەوەی کۆمەڵگا و ئازادیی شەخسیی کچان دەکەن.

ئینسان بەئاگا نەبێت، لە ڕەخنەکردنی ڕەفاهییەتی گەندەڵانەی نوخبەی سیاسییدا، دەبێتە هاوسەنگەر و بەشێک لە خەباتی ئەو کۆنەخوازانە کە خوازیارانی داخرانی کۆمەڵگای کوردیین.

من دەزانم ئەو ڕەفاهییەتەی بەرپرسانی گەندەڵ دەستیان داوەتێ ئەو خەتەرەی هەیە بۆ سەر کۆمەڵگای کوردیی کە کۆنەخوازان بکەونە یەک و بێزراویی و گەندەڵیی و سەرکوتکەریی نوخبەی سیاسیی بکەنە کەرەستەی مۆبیلیزەکردنی ئەو خەڵکەی کە لە هەژاریی و بێکاریی و کەمیی دیموکراتییەت و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی بێزارن، وە لە پێناو داخرانی زیاتری کۆمەڵگا و گەڕاندنەوەی ژنان بۆ ناوماڵ، هەموو ئەو نارازییانە بکەنە هاوسەنگەری خۆیان. ڕێک ئەمە بوو لە ئێران لە سالانی پێش شۆڕشی (١٩٧٩) ڕوویدا و ئیمامە کۆنەپەرستەکان توانییان ڕابواردنی بێ جڵەوی دەسەلاتی شاهەنشاهیی و کرانەوەی ئیفراتیی کۆمەڵگا بکەنە کەرەستەی هەڵخڕانی خەڵک بە دەوری خۆیاندا و، هەر پێش شۆڕش دەسەلاتداریتیی و توانای کارکردی سیاسیی لە تەهرانی پایتەختەوە بگوێزنەوە بۆ شاری قوم. ئیخوانییەکانی میسر و داعشەکانی سوریا و هەر بزووتنەوەیەکی ئیسلامیستیی دژەدیموکراتیی تر هەمیشە توڕەیی خەڵک لە گەندەڵیی و سەرکوتگەریی دەسەلاتداران دەهێننە پشت داخوازییەکانی خۆیان بۆ زیاتر داخراوکردنی کۆمەڵگا و ڕاوەدونانەوەی کچان و ژنان بۆ ماڵەوە.

شتێک کە پەیوەندداره لەم سیاقەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە بە حوکمی ئەوەی ئەو ڕابواردن و خۆشگوزەرانییەی نوخبەی دەسەلات دەستی دەداتێ هەر تەنها بۆ نوخبەکەیە و بۆ هەزاران هەزار گەنج و خەڵکی تر فەراهەم نییە، ئەمە هەستی ئیغتیرابێک لەناو ئەو بێبەشکراوانە لەو کەیف و سەفایە دروست دەکات کە لە درێژەدا دەیانکاتە کەسانێک کە لە داخی دەستڕانەگەیشتنیان بە خۆشییەکانی ئەو کراوەییە، ئاسان دەبن بە داکۆکییکار و جەنگاوەری دڵسۆز لەڕێگای داخستنی کۆمەڵگا و دژایەتیی مەدەنییەتدا. ئەمەیە وا دەکات دژایەتییکەرانی کۆمەڵگای لیبراڵ وا ئاسان پەکیان لەسەر نەبوونی جەنگاوەر نەکەوێت.

پـــۆینتی مـــن لێـــرەدا ئەوەیە کە گـــرنگە فێمینیســـتەکان و خەڵکـــانی لایەنگـــری کـــرانەوەی کۆمەڵگـــا، هەم لە دۆزی لەشفرۆشـــییدا هەم لە دۆزی هاوچەشـــنی تـــردا بەئاگـــا بـــن لەم هـــێڵە جیـــاواز و لێکـــدرابڕاوانەی کۆنفلیتەکـــانی نـــاو کۆمەڵگـــا، وە لە جیدییەتیانـــدا لە دژایەتیـــی گەنـــدەڵیی و ســـەرکوتگەریی دەســـەڵاتداراندا، نەبـــنە هاوســـەنگەری خەباتکـــارانی کۆنســـەرڤاتیڤییەت و ڕێگـــای داخســـتنی کۆمەڵگـــا بەڕووی ژناندا.

**پرســـیار/** باســـی ڕەخنـــەی فێمینیســـتەکانت کـــرد لە دەســـەڵات. هەر لەو ڕووەوە پرســـیارێک بـــکەم کە پرســـیارێکی هەنـــووکەییە لە خەبـــاتی فێمینیســـتییدا لە کوردســـتان. تێگەیشـــتنی بـــاو لە فێمینیـــزم بە گشـــتیی ئەوەیە کە بـــزووتنەوەیەکە لە دەرەوەی دەســـەڵات، بەڵام لە زۆر لە وڵاتـــانی تـــر و لە کوردســـتانیش، ڕێکخـــراوی ژنـــانی ســـەر بە حیزبـــی نـــاو دەســـەڵات هەن و، حکـــومەت بـــۆردی ژنـــان و ڕاوێژکـــاری دۆزی ژنـــی هەیە. ئایـــا ئەو ڕێکخـــراو و دەزگـــا و شەخســـانە وەک بەشـــێک لە بـــزووتنەوەی فێمینیســـتیی هەژمـــار دەکـــرێن؟ وە ئایـــا مـــومکینە لە ڕێـــگەی ئینتیمـــا بە حیـــزب یـــان حکـــومەتەوە خەبـــاتی ژنـــان بەرەو پێش ببرێت؟

**س. ع.**/یەکەم شـــت وەڵامێکـــی کـــورت بەو بەشـــەی پرســـیارەکەت بـــدەمەوە کە ئایـــا ئەو دەزگا و شەخسانە بەشیکن لە بزوتنەوەی فێمینیستیی یان نا.

لە حاڵەتێکـــدا کە فێمینیـــزم و خەبـــاتی فێمینیســـتیی پێناســـەیەکی کۆنکرێـــت و دیـــاریکراوی نییە و دەکرێـــت زۆر بەرتەســـک یـــان بەرفـــراوان پێناســـە بکرێـــت، مـــن پـــێم وایە وا دروســـتە هەر ڕێکخـــراو و چالاکوانێـــک کە نییەتـــی ڕاگەیەنـــدراوی ئەوەیە کە شـــتێک لەگەڵ دۆزی ژێردەســـتەیی ژنانـــدا بکـــات و شـــتێک لەو خـــوارییە ڕاســـت بکـــاتەوە کە بەر مەبنـــای جیـــاوازیی جێنـــدەریی لە کۆمەڵگـــادا هەیە، وەک بەشدارێک لە خەباتی فێمینیستییدا چاو لێ بکرێت.

ئەوەی کە بـــۆی هەیە جـــۆری کـــارکردنی ئەوان ئەســـڵەن لە زیـــانی ئەو بـــزووتنەوەیە بکەوێـــتەوە تـــا لە قـــازانجی، ئەوە ئیشـــکالییەتێکی تـــرە و پەیوەنـــدیی بەو بەشـــەی دووەمـــی پرســـیارەکەتەوە هەیە کە ســـەبارەت بەوەیە ئایـــا کـــارکردن لە ڕێگەی حیزب یان حکومەتەوە چەند خەباتێکی کاریگەرە.

له سیاقی کوردستاندا من پێم وایە کردنی خەباتی فێمینیستیی لەناو ماڵی حیزبێکدا یان لە چوارچێوەی ئۆرگانێکی حکومییدا زیاتر ڕێگریی لەبەردەم بزووتنەوەکەدا دروست دەکات تا ئەوەی ئاسانکاریی بۆ چوونەپێشەوەی بکات.

> ئەوانەی خاڵی هاوبەش دەبینن لەنێوان خۆرووتکردنەوە و موحەجەبەکردنی ژناندا، خاڵی هاوبەش هەیە لەنێوان ڕوانگەی ئەوان و ڕوانگەی پاتریارکییەتی ئاینییدا بۆ سێکسواڵیتیی ژنان.

ئێمە دەبێت هۆشیار بین بەو واقیعەی کە هیچ حیزب و بڕیاربەدەستێکی حکومیی نییە دۆزی ژن هۆکاری دەستبردنی بێت بۆ سیاسەتکردن یان لە دۆزە گرنگەکان بێت بۆی. حیزب و حکومەت لەو پێناوەدا ئامادەیی هەمکاریی لەگەڵ بزووتنەوەی فێمینیستیدا پیشان دەدەن تا مەیدانی ئەو خەباتە بۆ هێزی تر بەجێ نەهێڵن و پێش ئەوانی تر، داگیری بکەن. لەم پرۆسەیەدا زۆرجار حکومەت و حیزب کادرانی زۆر باشی ناو ئەو مەیدانەی کۆمەڵگای مەدەنیی لە ڕێگەی ئیغراکردن بە پۆست و مووچەی زامن و شۆرەت پەیداکردن و بەڵێنی نامولزەمکەرانەی ڕیفۆرمەوە، بۆ خۆی دەدزێت و دەیانکاتە کارمەندێکی حکومیی یان حیزبیی. ئەو کەسانە بەو شێوەیە ئیتر دەکەونە ئەو حیرەتەوە کە هەر کاتێک بیر لەوە بکەنەوە ناڕەزایی دەرببڕن لەوەی کە حکومەت بەڵێنەکانی نەبردە سەر یان سیاسەتێکی دژەژنی گرتۆتە بەر، دەبێت بیر لەوەش بکەنەوە کە ئەو ئیعتیرازەیان دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو هەموو ئیمتیازاتانە لەدەست بدەن کە پێیان دراوە و حکومەت پشتیان تێدەکات. سروشتی ئینسان وایە کە کەم کەس ئەم بەدەیلەی ئەخیر هەڵدەبژێرێت.

ئەوەی کە ڕوودەدات لە درێژەدا ئەوەیە کە ئەو کادیرانە دەبنە ئامرازی پاراستنی حکومەت لە ڕەخنەی ڕەوای بزوتنەوەی فێمینیستیی ناو فەزای گشتیی دابڕاو لە حیزب و حکومەت. حکومەت خۆی بەوە دەرازێنێتەوە کە بۆردێکی کاروباری ژنانی هەیە. جگە لەوە بە چەندین ساڵ ناچیت بەلای ئەوەدا شتێک لەو دۆزەخە بگۆڕێت کە بۆ کچان و ژنان لەناو چواردیواری ماڵەکاندا ساز دراوە.

پۆینتەکە ئەوەیە کە حکومەت یان حیزب ئەو کادیرانە لە فەزای گشتیی دەدزێت و دەیانکاتە کارمەندی خۆی. ئەو کەسانەش خۆیان ئارەزوومەندانە هەردوو دەستی خۆیان ڕادەگرن تا کەلەپچەیەیان بخرێتە دەست. بەشێکیان ئیتر مەیدانەکە تەواو لە خۆیان بەرتەسک دەکەنەوە و خۆیان ڕووگیری موجامەلە و ڕەفاقەتی سەرۆکوەزیرانێکی بێباک و کەمتەرخەم یان سەرۆکحیزبێکی حەساس بە فێمینیزم دەکەن. وە هەندێکیشیان دەست بۆ ئینتیهازییەتێکی خۆپەرستانەی وا دەبەن کە چاو لە قەبارەی گەورەی ژیانی تراجیدیی کچان و ژنانی کوردستان دەپۆشن و بەو ڕیفۆرمە فۆرماڵیتانەدا هەڵدەدەن کە حکومەت چەند ساڵ جارێک لەسەر کاغەز دەینووسێتەوە و دواتر دەیانسپێرێت بە تۆز و خۆڵی سەر ڕەفەکان.

بە مانایەکی تر، کەسێک دەتوانێت بڵێت ئەو جۆرە هەمکارییە لەنێوان کادیرانی فێمینیستیی و دەسەڵاتدارانی سیاسییدا لە زۆربەی جارەکاندا بەوە تەواو دەبێت کە حکومەت و سیاسەتمەداران و حیزب دەتبەنە پەنادەستی خۆیان و، لەوێ لە جیاتیی ئەوەی کاری خۆتت بۆ بکەن وەک فێمینیستێک کە لە خەمی دۆزی ژنانداین، کاری خۆیانت پێ دەکەن وەک سیاسەتمەدارانێک کە لە خەمی کۆکردنەوەی شەرعییەتدان بۆ خۆیان. تۆش دەکەویتە حاڵەتێکەوە کە ئاسان ناچیت موجامەلەی ڕەفیقانە بشکێنیت و پێداگریی بکەیت و ڕەخنە بکەیت و باکیشت بەوە نەبێت ڕیسکی ئەوە دەکەیت چەندین ئیمتیاز و وەزیفەی باشت لەدەست بچێت.

تۆ سەیری، کاتێک حیزبە ئائیسلامییەکان لە کاتی دارشتنەوەی ڕەشنووسی دەستووردا دەڕۆنە پشت ئەوەی سەوابتەکانی ئاینی ئیسلام، (بۆ نموونە: نیو میرات و نەبوونی مافی تەڵاق)، سەوابتی ئیدارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بێت، هیچ حاڵەتێکی وا ڕوونادات کە فێمینیستەکانی ناو ڕێکخراوە ژنانییەکانی ئەو حیزبانە ئیستیقالە بدەن، یان سەنگەر لە حیزبی خۆیان بگرن. لەبەرامبەردا، سەیری حکومەتی هەرێم کە سی ساڵە زۆر بێ ئابڕووانە دۆزی کارەساتباری ژێردەستەیی کچان و ژنانی کوردستانی پشت گوێ خستووە، لە چەندین بۆنەدا ڕوودەدات، کەسێک کە پۆستێکی بەرزی لەناو بۆردێکی حکومییدا بۆ کاروباری ژنان پێدراوە، دادەنیشێت بە شانوباڵی سەرۆکوەزیرانی ئەو

حکـــومەتەدا هەڵـــدەدات و ستایشـــی جیـــدییەت و دڵســـۆزیی و دەســـتکەوتەکانی مەزنەکانی دەکات بۆ دۆزی ژنان.

مـــن لە پرەنســـیپدا و بە شـــێوەیەکی گشـــتیی دژ بەوە نـــیم کەســـانی فێمینیســـت تەنســـیقی کـــار لەگەڵ حیـــزب و بڕیاربەدەســـتانی حکومییـــدا بـــکەن و دیالۆگیـــان لەگەڵیانـــدا هەبێـــت، بەڵام گـــرنگە ئەو کەســـانەی ئەو کۆنتـــاکتە دەکەن بڕبڕەپشـــتێکی تۆکمەیـــان هەبێـــت و زوو نەنوشـــتێنەوە، وە گـــرنگە خـــاوەن ئینتیگریتییەکـــی تـــۆکمە بـــن کە ڕووگیـــری ڕەفـــاقەت و موجـــامەلە نەبـــن و بـــوێرن ڕەفـــزی هەر شـــتێک بـــکەن کە هەوڵ بێـــــت بـــــۆ بەکارهێنـــــانی نـــــاوی ئەوان بـــــۆ قـــــازانجی سیاســـــیی سیاســـــەتمەداران. بێگومـــان قـــورس نیـــیە کەســـێک ئەوە ببینێـــت کە لە ســـیاقی کوردســـتاندا حیـــزب و حکـــومەت و نـــوخبەی سیاســـیی ئامـــادە نـــین مـــامەڵەی ئـــاوا نزیـــک لەگەڵ کەســـانێکدا بـــکەن کە پێـــداگریی لەســـەر ئینتیگریتیـــی خۆیـــان بـــکەن و ئامادە نەبن چەند گوشاریان بۆ بهێنرێت بنوشتێنەوە.

لێـــرەوەیە مـــن پـــێم وایە کـــاراترین فـــۆرمی کـــار ئەوەیە بزووتنەوەیەکـــی ســـەربەخۆ هەبێـــت لە ڕێـــگەی چـــالاکیی دروســـتکردنی لـــۆبییەوە کـــارکرد لەســـەر سیاســـەتی حکـــومیی دابنێـــت و لەنـــاو کۆمەڵگـــای مەدەنییـــدا چـــالاک بێـــت. لەم فـــۆرمەدا هـــی کێشـــەیەک نابێـــت تەنســـیقی کـــار و پـــرۆژەی هاوبەشـــت لەگەڵ سیاســـەتکاران و دەزگـــای حکومییـــدا هەبێـــت، بەڵام بەو مەرجەی هەمکـــارییەک بێـــت لە جـــۆری ئـــاد-هـــۆک (Ad-Hoc)، واتە هەمکـــاریی بێـــت بەدەوری ئامـــانجێکی کۆنکرێتـــدا کە دوای تەواوبـــــوونی کـــــارەکە، هەرکەس وەک ســـــەربەخۆیەک دەچێـــــتەوە نـــــاو مـــــاڵ و بارەگـــای خـــۆی. لە مێـــژووی فێمینیـــزم لە ڕۆژئاواشـــدا خەبـــاتی ژنـــان ئەم دوو-مەیـــدانییەی هەر هەبـــووە. ســـەیری مێـــژووی بەدەســـتهێنانی مـــافی دەنگـــدانی ژنـــان بـــکە لە هەڵبژاردنەکانـــدا. لە ناوەڕاســـتی ســـەدەی نۆزدەهەمـــدا سەفرەجیســـتەکان (Suffragists) مـــاوەیەکی زۆر هەوڵیانـــدا لە ڕێـــگەی کەنـــاڵی ڕەســـمییەوە و بە هێمنیـــی دەنگـــدانی ژنـــان فەرز بـــکەن، بەڵام لە کۆتـــایی ســـەدەی نـــۆزدە و ســـەرەتای ســـــــەدەی بیســـــــتدا ســـــــەفرەگێتتەکان (Suffragettes) ســـــــەریان هەڵـــــــدا و بزووتنەوەیەکـــــی تـــــووڕەتر و جەنگاوەرانەتریـــــان لەبەرامـــــبەر دەســـــەڵاتدارانداسەرپێی خســـت و دۆزەکەیـــان بە جۆرێـــک خســـتنە ســـەر ئەجێنـــدای ڕۆژ کە سیاســـــەتمەداران لە درێـــــژەدا بینییـــــان لە قازانجیـــــانە بچـــــنە ژێربـــــاری داواکارییەکەیانەوە.

مـن پێشـتر وتـم کە بـزووتنەوەی خەبـات بـۆ دۆزی ژنـان لە کوردسـتاندا نەبـۆتە بزووتنەوەیەکـــــی فێمینیســــــتیی لەنـــــــاو خەڵـــــــکە عـــــــامەکەدا (A grassroots movement). دەبێـــت هیـــوا بخـــوازین و کـــار بەو ئاراســـتەیەدا بکەیـــن کە قوربـــانییە هەرە زەربەخواردووەکـــانی نایەکســـانیی، ئەوانەی ڕۆژانە لەنـاو خێـزان و لە دەرەوەی ماڵدا قیمەتـی ئینسـانییان پشـتگوێ دەخرێـت و لەژێـر ئیهـانەدا دەژیـن، بـێن لە بزووتنەوەیەکـدا، لەگەڵ هەمـوو ئەو ژن و پیـاوانەدا کە لایەنگـری یەکسـانیی جێنـدەریین و ئامـادەن کـاری بـۆ بـکەن، دژ بەو نارێکییـانە خۆیـان ڕێـک بـخەن. لە حـاڵەتێکی وادا، هەم لەنـاو کۆمەڵگادا گوشـارێک بـۆ سـەر بەهـای کۆنسـەرڤاتیڤانە و دژەژن دروسـت دەبێـت، هەمـیش خواسـتە سیاسـییە فێمینیسـتییەکان بەختێکـی زۆرتریـان دەبێـت بتـوانن ڕیفـۆرمی سیاسـیی لە قازانجی دۆزی ژنان فەرز بکەن.

**پرسـیار/** پرسـیارێک سـەبارەت بەشـداریی پیـاو لە دۆزی ژنانـدا بـکەم. وەک چـۆن ئەگەر ئێستا من بڵێم کە هاتم بۆ ئێرە لە ڕێگە شـۆفێری لـۆرییەکم بینـی، تـۆ یەکسـەر پیاوێکـت بە خەیاڵـدا دێـت، ئـاواش ئەگەر بڵێم لە قاوەخـانەکە فێمینیسـتێکم بینـی، بێگومـان یەکسـەر کچێکـت بە خەیاڵـدا دێـت. ئەمە ئاکـامی دەگمەنـی ئامـادەیی پیـاوە لە مەیـدانی خەبـاتی ژنانـدا. هەنـدێک لە پیـاوان خۆیـان بە لایەنگـری دۆزی ژنـان دەزانـن بەڵام دەڵـێن قسـەکردنی ئـێمە لەو دۆزەدا وەک ئەوە وایە ئـێمەی پیـاو لە جیـاتی ژنـان قسـە بکەیـن و خۆمـان بکەینـە دەمڕاسـتیان. دەڵـێن ژنـان خۆیـان دەبێت خۆیـان ڕزگـار بـکەن و ئـێمە پاڵپشـت دەبین. ئایا تـۆ ڕات چییە لەسـەر ئەو ڕوانـگەیە بـۆ دۆزی ژن و بەشـداریی پیاو تیایدا؟

**س.ع./** وایە ئەو ئـارگیومێنتە کە گـوایە پیـاوان دەبێـت لـێگەڕێن ژنـان خۆیـان قسـە بـکەن و نەبـنە دەمڕاسـتیان، ئـارگیومێنتێکە زۆر دووبـارە دەکـرێتەوە، بەڵام ڕاسـتت دەوێـت مـن تـا ئێسـتا تەواو تێنەگەیشـتووم ئەو قسـەیە مانـای چـی. ئەگەر کەسـێک ڕاسـتگۆیانە پێیـوایە ژێردەسـتەیی ژنـان نـاحەقیی و خـوارییەکە لە کۆمەڵگـادا و دەبێـت ڕاسـت بکـرێتەوە، وە لە ڕاسـتای ڕاسـتکردنەوەی ئەو خوارییەدا قسەیەکی «خێر»ی پێ دەکرێت، من تێناگەم بۆچی نایکات.

مـن پـێم وایە سەرڕاسـتانەتر دەبێـت ئینسـان بڵێـت: سـەر لە دۆزی ژنـان دەرنـاکەم و بـواری پسـپۆڕیی مـن نییە بـۆیە نـاتوانم قسـەی تیا بکەم، یـان: کـاتی ئەوەم نییە

لەو بوارەدا بەشدارییەک بکەم، یان: دۆزی ژنان لە ناوەندی ڕۆشنبیرییدا وەک چالاکوانیی و وەک کاری فیکریی «لایت» سەیر دەکرێت نەک وەک فیکریی قورس و جیددی، بۆیە پێم خۆش نییە وا بێمە بەرچاو و لەبەر ئەوە بەشدار نابم، یان تەنانەت: دۆزی ژنان لە ئیحساسم بە هەیبەتی پیاوەتییم دەدات و بەلامەوە دۆزێکە بۆ ژنان بۆیە تیا بەشدار نابم.

سەرڕاستانەتر دەبێت وا بڵێین چونکە من پێم وایە هەر یەکێک لە ئێمەی پیاوان ئەگەر ئیدیعای ئەوە بکەین کە دۆزی نایەکسانیی و لێکەوتە نێگەتیڤەکانی بۆ ژیانی کچان و ژنانمان بەلاوە گرنگە و لایەنگری یەکسانیین، ئەوا بەشدارنەبوونمان دەبێت یەکێک لەو چەند هۆکارەی سەرەوەی هەبێت. ئاخر دۆزی ژنان ئەگەر دۆزێکی ڕەوایە، ئەوە لەبەر ئەوە نییە ڕەوایە کە ژنان خۆیان هاتوونەتە مەیدان و دەڵێن دروست نییە ئێمە بچەوسێنرێینەوە. دۆزی ژنان هیچ لە ڕەوایەکەی کەم نابێتەوە تەنانەت ئەگەر هەموو ژنان خۆشیان یەک بگرن و بڵێن نا، ناڕەوا نییە ئێمە بچەوسێینەوە و ئێمە موستەحەقین.

پرسیارێکی ڕیتۆریکیی بۆ ڕۆشکردنەوەی پۆینتەکە ئەوەیە کە ئایا ئەوانەی دەڵێن با ژنان «خۆیان» خەبات بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو ناحەقییە بکەن کە لە کۆمەڵگای نایەکساندا دژ بە ژنان هەیە، ئایا چەوسانەوەی ژنان ئیتر بە ناحەقیی نازانن ئەگەر بێتو ژنان خۆیان نەیانەوێت یان نەتوانن خەبات بۆ دەربازبوون لەو چەوساندنەوەیە بکەن؟ ئایا ئەگەر ژنێک لەلایەن پیاوێکی ئێغتیسابکەرەوە ماوەیەک لە ژوورێکدا زیندان بکرێت، وە ژنەکە لەو ماوەیەدا تووشی «سیندرۆمی ستۆکهۆڵم» بێت و خۆشەویستیی بۆ پیاوەکە دروست بێت و نەیەوێت لەو زیندانە دەرچێت، ئایا لەو حاڵەتەدا مادام ژنەکە «خۆی» نایکات و نایەوێت، ئیتر ئێمە لە ڕزگارکردنی ئەو ژنەدا هیچ ئەرکێکمان لەسەر نییە و دۆزەکە ڕەوایی لەدەست دەدات؟

خەباتی فێمینیستیی ئەوەندەی ئەرکی پیاوێکە کە سەرڕاستانە باوەڕی بە یەکسانیی هەیە، بە هیچ شێوەیەک ئەرکی ژنێکی ژێردەستە و سەرکوتکراو نییە کە پێیوایە ژێردەستەیی و سەرکوتکراویی ئەو کارێکی نۆرماڵ یان کارێکی ڕەوایە.

دۆزی ژنان دۆزێکە بۆ هەموو کۆمەڵگا، نەک تەنها بۆ ژن، گرفتێکە بۆ هەموو کەسێک کە یەکسانییخوازە. خەباتی فێمینستیی ئەوەندەی ئەرکی پیاوێکە کە

سەرراستانە باوەڕی بە یەکسانیی جێندەریی هەیە، بە هیچ شێوەیەک ئەرکی ژنێکی سەرکوتکراو و چەوساوە نییە کە پێی وایە سەرکوتکراویی و چەوساوەیی ئەو کارێکی نۆرماڵ یان کارێکی ڕەوایە.

ئەوانەی دەڵێن دۆزەکە دۆزی ژنان «خۆیان»ە، بەو قسەیە ئاشکرای دەکەن کە هەر بە ڕووکەش ئیدیعاکەری لایەنگریی یەکسانیی جێندەریین، ئەگینا لە ڕاستییدا ئەوەندە نایەکسانیی جێندەریی بەلایانەوە دۆزێکی بێئەهمییەتە کە ئەو کەمۆکەی لێی تێنەگەیشتوون بتوانن ئەو نەواتە هیومانیستییەی ناوی ببینن و وا نەزانن دۆزەکە تەنها دۆزی قوربانییەکان خۆیانە.

شتێک کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی ئەو ڕایەیان هەیە، زۆرجار ئەوان ئەو تۆمەتە دەخەنە پاڵ ئەو پیاوانەی بەشدارن لە خەباتی فێمینستییدا و دەڵێن هەر تەنها بە ئایدۆلۆجیا لایەنگری مافی ژنانن نەک بە باوەڕ و تێگەیشتنی ڕاستەقینەوە. دۆستێکم ماوەیەک بەر لە ئێستا لینکی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیی ڕۆشنبیرێکی کوردی بۆ ناردم کە هەوڵی خۆپەڕاندنەوە لە پرسیاری «بۆچی قسەت لە دۆزی ژناندا نەکردووە» تا ئەو شوێنە دەبات کە دەڵێت زۆربەی ئەو پیاوانەی بەشدارییی لە خەباتی یەکسانیی ژناندا دەکەن، لە پێناو دەسخستنی سێکسدا دەیکەن.

دیارە ئەوەی پێت وابێت پیاوان دەبێت لە دۆزی ژنان گەڕێین بۆ ژنان خۆیان و، هەر پیاوێکیش خۆی تیا هەڵبقورتێنێت ئەوە لە پێناو دەستخستنی سێکسدا دەیکات، ئەوە قسەیەکی تەواو قۆڵگارانە و بێشەرمانەیە کە ئینسان چاوەڕوانیی هەیە تەنها لە دەمی ئەو سەلەفیی و بانگخوازە ئیسلامییە کۆنەپەرستانە ببیستێت کە لە پێناو دژایەتییکردنی هاتنەدەرەوەی ژنان و گەشەی فێمینیزمدا هیچ ویقارێک بە قسەکردنی خۆیان ناهێڵن. دواتر ئەوەی پێتوابێت ئەگەر کوڕێک بە تاکتیکێک دڵی کچێک بباتەوە و با ئارەزووی خۆیان پێکەوە بن، ئەوە کارێکی ناپاکانەی کوڕەکەیە، ڕوانگەیەکی وا ڕێک ئەو بە بێزراوکردنەی حەزی سێکسییە کە لەسەر پایەی ئەو ڕوانگە کۆنەپەرستانەیە بۆ ژن دامەزراوە کە پێی وایە لە پەیوەندیی سێکسییدا ژن کالایەکە دەخورێت و هەر کاتێک ڕوویدا پیاوەکە بە تەنیا قازانجەکەرە تیایدا.

لەم نموونانەدایە کە دەبینیت ڕوانگەی کۆنەپەرستانە بۆ ژن و هەوڵی کۆمەڵگا بۆ ڕاگرتنی کۆنترۆڵ بەسەر کائینی ژندا چۆن وەک بەها لە لاشعوری پیاوانی ئیدیعاکەری لایەنگریی دۆزی ژنانیش جێی گرتووە. ئەمەیە ڕێگریی لە بەشداریی پیاوان لە خەباتی فێمینیستییدا دەکات.

ساڵانێک پێش ئێستا هەوڵ درا تاوانی گەورەی خەتەنەکردنی کچان ببرێتە پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵاتی یاسادان کارێکی لەبەرامبەردا بکات. زۆربەی پەرلەمانتارە پیاوەکان لە خۆیان نەگرت و ئاشکراش بەیانیان کرد کە لە خۆیان ناگرن وەک پیاوێک لە دۆزێکی وادا قسە بکەن. بەڵێ، ئەو هەستی غرورەی بە پیاوەتییەوە لە زیهنی پیاواندا دروست کراوە، دەتوانێت ئەوەندە ڕێگر بێت لەبەردەم بەشداریی پیاوان لە دۆزی ژناندا کە ئەو پیاوانە پێیان ڕەواترە جەستە و دەروونی کچان لە ڕێگەی خەتەنەوە بۆ هەموو ژیانیان بریندار بکرێت، تا ئەوەی غروری پیاوانەی ئەوان بڕووشێت.